# هەڵبژاردنی گشتی و چارەنووسی کورد لە عیراقدا

**خەسرۆ پیربال**

ئەمڕۆکە لە عیراقدا , هەموو هێزو لایەنە جۆربەجۆرە سیاسیەکان , بەعەرەب و کوردەوە, لەهەموو لایەکەوە خەریکی نەخشەکێشان و خۆسازدانن و باس لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی گشتی دەکرێ لەسەرتاسەری وڵاتدا.

دیارە پاش ئازادکردنی عیراق لە ڕژێمی تاکرەوی و دیکتاتۆری هەڵبژاردن بەیەکێك لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسی و قۆناغی مێژوویی عیراق و سەرجەم میللەتانی عیراق دەزانرێ, هەڵبژاردنی گشتی لەسەرتاسەری عیراق, بۆ دەستنیشانکردنی حکومەت و پێکهاتە گرنگە جۆربەجۆرەکانی, لەئاستی ناوەوەدا زیاتر لەهەر بوارێکی تر, وڵات پێویستی بە نەخشەکێشان و بەدەستەوەگرتنی چەندین مەلەفی گرنگ هەیە, بنیاتنانەوە, ئاوەدانکردنەوە, نیشەجێکردنی هاووڵاتیان, بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیانی سەرتاسەری عیراق..هتد, لەئاستی دەرەوەش پاش ئەوەی عیراق وەکو جەستەیەکی گومانلێکراو سەیر دەکرا لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا, ئەمڕۆکە دەبێت نوێنەرایەتی ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوەیە: عەرەب و کورد و تورکمان وکلدوئاشووری, بەتەواوی نوێنەرانی هەموو ئەو کولتوور و فەرهەنگە جیاوازانە بێت لە دەرەوەدا .

کەس گومانی نیە لەوەی کە پڕۆسەی هەڵبژاردنی گشتی زۆر گرنگ و پێویستە، ئەمڕۆکە بۆ یەکلاییکردنەوەی گەلێك لە گیروگرفتی نێوخۆی عیراق, بەشداریکردنی هەموو هێزو لایەنەکان کەکەم و زۆر لەناوەوەی عیراقدا جەماوەرێکیان هەیە و یان پاش ئازادبوونی عیراق بەتایبەتی هەندێك هێزو لایەنە عەرەبیەکانی عیراق وورد وورد بەناو هەندێك لە جەماوەرو خەڵکیان لەدەوەرەی خۆیان خڕکردووەتەوە.

ئەمڕۆکە هێزو لایەنە نیشتیمانپەروەرەکانی کوردو سەرکردەکانمان لەسەر یەك مێزدان و دەنگێکی نێریان هەیە دەیانەوێت بەشێوەیەکی هاوتەریب و یەکسان حسابیان بۆ بکرێت! لەو مقۆمقۆی هەڵبژاردندا, بەتەمان بە بەدەستهێنانی ژمارەی دەنگێکی زۆر ببنە بڕیاردەر لە پایتەختی حکومەتی عیراقی فیدرالدا.

## هەڵبژاردنی کوردستان ویەکڕیزی کورد :

دیارە لەئاستی کوردستاندا , هەڵبژاردنی گشتی و یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد, وەکوو زەروورەتێکی ستراتیجی پێویستیەکی مێژوویی گەورەیە, دەبێت لە پڕۆسەیەکی جیاوازو تایبەتدا, بێئەوەی ئەو مەسەلەیە تێکەڵ بە ئەجندەی تر بکرێت, پێش هەڵبژاردنی گشتی سەرتاسەری عیراق بکرێت، کورد لە باشووری کوردستان یەك پەرلەمان و یەك حکومەتی کوردستان و یەك سەرۆکی حکومەت و یەك کابینەی خزمەتگوزاری هەبێت.

ئاشکرایە لەدەرەوەو لەناوەوەی وڵات سەرجەم میللەتی کورد بەچاوێکی ڕەخنەوە دەڕواننە دوواکەوتنی ئەو یەکگرتنەوەی ئیدارە لەکوردستان, بەڵام بێگومان زۆر کاری هاوبەش و ئاسانکەر ئەنجام دراون کە پڕۆسەی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەکەی نزیککردۆتەوە.

لە ئاستی کوردستاندا دەبێت هەنگاوەکانمان هاوتەریب بن بۆ سازدانی هەڵبژاردنی گشتی لەئاستی کوردستان، بۆئەو مەسەلەیەش میللەتی کورد زۆر بەپەلەو لەچاوەڕوانیدان, بۆ ئەو پڕۆسەیەش کۆمەڵگا و هاووڵاتیانی کوردستان, ئامادەگیەکی تەواویان هەیە بە هەستێك و بەرپرسیاریەتیەکی گەورەوە دەڕواننە ئەو مەسەلەیە و ئامادەیی تەواوی هاوکاری وکارکردنیان هەیە بۆ سەرکەوتنی کارەکە, بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین و هەڵسەنگاندێکی تەواویان هەیە, دەنگ بدەنە کێ و چ بکەن و چ جۆرە ڕێگایەك بگرنەبەروکێ هەڵبژێرن بۆ ئەوەی کاروباری کوردستانیان بۆ ڕاپەڕێنێت و وڵات و کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێکی نوێ بچێت و بەمەش میللەتی کورد, لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە و پێ هەڵباوێن بەرەو ڕۆژێکی نوێ. بەڵام قەدەری کوردە کە دەبێت هاوتەریب کار بکەن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لەئاستی عیراقدا, بەمەش ئەرك و ماندووبوونی ئێمە زیارترو قوورستردەبێت, دیارە لێرەدا ئاشکرایە کە ئەزموونی حکومڕانی کورد لە عیراقدا وەکوو نموونەیەکی بەسوود لە قۆناغی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوەوەی عیراقدا بەکارهاتووە و زۆر یارمەتیدەر بووە بە میللەتانی تر و حکومەتی عیراقی فیدرال, بەڵام ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی ناوخۆی عیراق, کە بەشێوەیەکی مەترسیدار خورپەی خستۆتە ناودڵی میللەتی کورد، لەهەمووشیان خەتەرناکتر ئەو هەڵمەتە بەرفراوانەی کوشتن و سەربڕینی هاووڵاتیانی کوردە لە شارو ناوچە عەرەبیەکانی عیراق, لێرەشدا مافی خۆمانە بە دوودڵی گومانەوە بڕوانینە مەسەلەکان و پێش ئەوەی خۆمان بەرامبەر دەرەئەنجامێکی لێوەنەشاوەدا ببینینەوە لە پاش هەڵبژاردنی گشتی, مافی خۆمانە هەندێك بەووردی لەدەوروبەری خۆمان دڵنیابین و وورد بینەوە پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت!.

پاش ئازادکردنی عیراق و سالێك بەسەر پڕۆسەی بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا, گەلێك لەو هێزو لایەنە بەناو هاوپەیمانانمان — پاش ئەوەی فرسەتیان بینی چۆن خۆیان وەرگێڕاو ئێستا چ سیاسەتێکیان گرتۆتە بەر, چەند کەسایەتی خاوەن بڕیاریان چۆن مەسەلەی فیدرالیبوونی کوردستانی باشوور دەبینن لە عیراقی‌نوێدا, دەبینین چۆن مەسەلەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەو و تایبەتمەندیەکانی میللەتی کورد باس دەکەن و بەرامبەرمان چ جۆرە تێزو هەڵسەنگاندنێکیان هەیە. میللەتی کورد هەقی خۆیەتی بەچاوی مەترسیەوە بڕوانێتە دواین لێدوانە تەلەفزیۆنیەکەی سەرۆکی عیراقی فیدرال, هەقی ئەوە دەدرێتە ئەو خاوبوونەوە و ساردبوونەوەیەی هێزە سیاسیەکانی کورد لە چۆنیەتی بەشداریکردنمان لە بنیاتنانەوەی عیراق, هەقی ئەو خانەوادە شەهیدانەو لێقەوماوانەی کوردە, بە چاوی مەترسی و شکەوە بڕواننە هێزە عەرەبە عیراقیەکان, لەکاتێکدا پاش هەڵدانەوەی ئەو هەموو گۆڕەبەکۆمەڵانەو پاش ئەوەی بۆ سەرتاسەری مرۆڤایەتی ئاشکرابووە, کە ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ چ جۆرە تاوانێکی دەرهەق بە میللەتی کورد ئەنجامداوە, پاش ئەو هەموو تاوانە تاوەکو ئێستا هیچ هێزو لایەنێك وکەسایەتیەکی عەرەبی و عەرەبی عیراقی، لەو باسە نەدواوە و هەتاوەکو ئێستا هیچ ئەندامێك و بەرپرسێکی حزبی بەعس داوای لێبووردنی لە میللەتی کورد و کوردستان نەکردووە !

بەرامبەر ئەو هەموو( بێ هەڵوێستیە سیاسی و ئەخلاقیە) گەورەیەی دەرهەق بە کێشەی نەتەوەییمان, ئەو بێ هەڵوێستیانەی کەدەیانبینین ڕۆژانە لە ئاستی عیراق و دەوروبەریدا، هەقی خۆمانە وەکوکورد بەچاوی گومان و ترسەوە لەهەر هەنگاوێك و مەسەلەیەك بڕوانین کە پەیوەستە بە بنیاتنانەوە و یەکگرتنی هێزە سیاسیە عەرەبیەکانی عیراقەوە, بۆ ئەمەش دەبێت کورد چەندین جار بیربکاتەوە لە وەرگرتنی هەر هەڵوێستێك و هەر پڕۆسەیەکی گرنگ, بەتایبەتی بەرامبەر بە پڕۆسەی هەڵبژاردنی گشتی.

ئەمڕۆکە هەموو هێزە ئایینیەکان و لایەنە سیاسیە عەرەبیەکانی عیراق, پەلە لە سازدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکەن لە عیراقدا هەموشیان هەریەکێکیان لەئاستی خۆی و بە شێوازی تایبەت, هەندێکیان خەریکی خۆسازکردن و بەخشینەوەی یارمەتی و دڵدانەوەی جیاوازن, دەیانەوێت هەندەی بکرێت خەڵکی لەخۆیان ڕازی بکەن و جەماوەر پێکبهێنن و بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردندا سوودیان لێوەربگرن و دەسەڵات بگرنە دەست مەبەستیان لێرەدا نە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی عیراقەوە و نە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگاو فەرهەنگی عیراق و دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنیە! بەڵکو هەموو مەبەستیان گرتنی دەسەڵاتە و بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە بکەنەوە, هەمان عەقڵیەتەوە سیاسەتی تاکرەوی و دیکتاتۆری دەستپێبکاتەوە لە عیراقدا, دیسانەوە خەونەکانی ئازادیخوازانی عەرەب وکورد بەرەو تاریکی بەرنەوەو سەد سالێك بەرەو دوواوە بگەڕێنەوە و کۆمارێکی ئیسلامی لە عیراقدا دابمەزرێنن و پەردەی تاریکی و نەزانی لەسەر ڕووی گەشی منداڵانمان دابپۆشن و بەری ڕوناکیمان لێبگرن. بەقەناعەتی من پەلەکردن لە ئەنجامدانی هەڵبژارنی گشتی لە عیراقدا, لە بەرژەوەندی کورددا نیە, بەڵکو زیاتر لەوە ئەو پەلەپەلەکردنە لە بەرژەوەندی هیچ هێزێکی سیاسی ئازادیخوازو و نیشتیمانپەروەری ڕەسەندا نیە. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بارودۆخی ئاسایشی ناوەوەی عیراقدا ئەنجامی تەندروست و پاکی لێناکەوێتەوە, لە هیچ سوچێکی عیراقی عەرەبیدا, ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نین, کوشتن و بڕین لەهەموو شوێنێکدا ئەنجام دەدرێن, ڕۆژانە خەڵکی بەتاوان و بێتاوانی وڵات دەکوژرێن و وڵات سوور دەچێتەوە, بۆ بێگانەکان لە ناوچەکەدا شەڕ تەواو نەبووە, ئێستاش مەترسی شەڕی ناوخۆی هێزە عەرەبیەکان وەکو دەرەئەنجامەکان باسی لێوەدەکرێ.

ولاتانی بێگانە جگە لەدەستێوەردانیان لەکاروباری ولات, کەسان و شانەی تیرۆریستی خۆیان ناردۆتە عیراق و ڕۆژانە تاوان ئەنجام دەدەن, گەلێك لەناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوا, دەستی ئاسایش و دەسەلاتی حکومەتی فیدرالی ناگاتێ هەژاری و بێدەرامەتی دەرگای هەموو مالێکی گرتووە بەتایبەتی لە خوارووی عیراق هتد.

لەکاتێکدا ئێمە دەزانین, سازدانی هەلبژاردنی گشتی, پێویستی بە ئاسایش و هێمنی تەواو هەیە بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت و دەرەئەنجامی باش و تەندروستی لێبکەوێتەوە, ئەنجامەکەی گوزارشت لە هەموو ڕەنگ و شێوازو گوتارە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ولات بکات , بەتایبەتی بۆ میللەتی کوردستان , ئەنجامەکانی هەلبژاردنی گشتی دەبێت , مەسەلەیەکی چارەنووسساز بێت , زۆری لێ چاوەڕێدەکرێت.

ئەوەی لەو پەلەپەلەوە چاوەڕێدەکرێ بۆ میللەتی کوردستان و کێشە ڕەواکەی , کە چەند لایەنێکی توندڕەو و شۆڤێنی یەکبگرن و هاوپەیمانی یەکتربن, بەتایبەتی هێزە ئیسلامیەکانی عیراق , لەهەولی ئەوەدان , لە هەلبژاردنی داهاتوودا , بتوانن دەسەلات بگرنە دەست و مەترسی ئەوە هەیە بە گوێرەی ئەو یەکگرتن و گوتارە توندڕەو و سیاسەتە شۆڤێنیە دووژمنداریەی لەگەل هێزە هاوپەیمانەکان و هێزە سیاسیە دیموکراتیخوازەکانی عیراقدا هەیانە, مەترسی ئەوە هەیە لەوەی پاش هەلبژاردنێکی ناعادیلانە, دەولەتی ئیسلامی دابمەزرێنن و ئیتر کار لەکار بترازێت لە عیراقدا.

لە باروودۆخی خەتەرناکی وەکو ئێستای ناوچەکەدا , هیچ پڕۆسەیەکی هێندە ئالۆزی وەکوو هەلبژاردن سەرکەوتوو نابێت, باروودۆخ لەبار نیە بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی دەنگدان. ئەمڕۆکە لە عیراقدا شەڕ کۆتایی پێنەهاتووە , ڕۆژانە خەلکانی بێگانەو کورد و مەسیحی بە دڕەندەترین شێواز سەردەبڕدرێن وسووکایەتی بەلاشەیانەوە دەکرێت, گروپی جیاوازی تیرۆریستی نێودەولەتی بەمەرامی نێودەولەتیەوە هاتوونەتە ناوچەکە و تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن , خەریکە کولتورێکی نوێ بهێننە کایەوە , شێوازێکی دڕندانەی سەربڕین و هەتکردنی خەلکانی بێتاوان وەکو کارێکی ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام دەدەن .

لەجیاتی ئەوە , دەکرێ هێزوتواناکانی هەموو هێزە نیشتیمانییە دیموکراتخوازەکان و هاوپەیمانان یەکبخرێن , بۆ گرنگیدان بە گرنگترین مەلەف , ئەویش مەلەفی ئاسایشە , چۆنیەتی چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانبارانە و قڕکردنیان بنبڕکردنیان لە ڕیشەوە , پارێزگاریکردنی ولات و هاوولاتیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی دەرهەقیان دەکرێ .

حکومەتی فیدرالی کاتیش دەتوانێت , هێزو توانا دیپلۆماسیەکانی خۆی بخاتە گەڕ, پەیوەندی دووقۆلی و یان زیاتر لەگەل ولاتانی ناوچەکەو خاوەن کاریگەر ببەستن بۆ کەمکردنەوەی ئالۆزی لە عیراقداو بە ئاشکرا داوای ئەوەیان لێ بکەن, کە چیتر هاوکاری گروپە تیرۆریستەکان نەکەن. ڕووداوەکانی ئەم سالە ئەوەیان سەلماندووە کە هەندێك لە ولاتانی ناوچەکەمان دەستیان هەیە لە هاوکاری تەکنیکی و ماددی مەعنەوی ئەو گروپە تاوانبارانەی کە ناویان لەخۆناوە گرووپی بەرهەلستکارانی نیشتیمانی و دژی ئەمریکیەکان , کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن .

**لەم ساتەدا گرنگترین مەسەلە لەعیراقدا دوو بابەتی سەرەکین :**

هاوکاریکردن و کارکردن بۆ پاراستنی هاوولاتیان و ولات لە تیرۆر و تیرۆریستانی ناوەوەو دەرەوەی ولات, لێرەشدا لەلایەکەوە سوود لە هێزی ناوخۆی عیراقی و کورد ببینرێت , لەلایەکی تریشەوە سوود لە هێزی هاوپەیمانان وەربگیرێت.

بەگەڕخستنی دادگایکردنی عادیلانە بۆ سەرانی ڕژێمی پێشوو و هێندەی زووە کۆمەلگا لەو گیانەوەرە دڕندانە ڕزگار بکرێت و ئیتر پەرە بە پەروەردەیەکی پاکی نیشتیمانی ئاشتیخوازی بدرێت, مندالانی میللەتانی عیراق فێری ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بکرێن , بەچاوی ڕێزەوە لە تایبەتمەندی فەرهەنگی و ئەتنیکی میللەتان و ولاتانی تر بنواڕن.

بێگومان, بۆ بنیاتنانەوەی ولات , لەهەر بوارێکدا پێویستی بە کارو خەباتێکی زۆر هەیە , ئەمڕۆکە ئەوەی ئێجگار پێویست و چارەنووسسازە ,پێش هەر کارێکی تر , گرتنەدەستی مەلەفی ئاسایشی عیراقە .

پاش ئاساییکردنەوەی باروودۆخی ئاسایش لە عیراقدا , پاش گەڕانەوەی هێمنی و پاککردنەوەی ولات لە تیروریستان , میللەتانی عیراق پێویستیان بەهاوکاری گشت ولاتانی ناوچەکەو کۆمەلگای نێودەولەتی دەبێت بۆ سازدانی هەلبژاردنی گشتی , بێگومان حکومەتی فیدرال بەتەنها ئەو پڕۆسە قورس و گەورەیەی پێناکرێت , دەبێت ڕێکخراوەکانی نێودەولەتی و ئەورووپا هاوکاربن.

پەلەکردن لە هەلبژاردنی گشتی هەلەیەکی گەورەیە و گرفتی گەورەتری لێدەکەوێتەوە, بە خوێندنەوەی ووردی دراوە سیاسیەکان و باروودۆخی ناوەوەی عیراق و هەروەها گۆڕانکاریە نێودەولەتیەکان, ئەو هەلبژارنە گشتی یەی عیراق ئەنجامی باشی لێ چاوەڕوان ناکرێت, لەبەرژەوەندی میللەتانی عیراق نیە, بەتایبەتی ئەگەر بێت و هێزە ئیسلامیەکان یەکبگرن, دەولەتی ئیسلامی دابمەزرێنن , یان گروپی سیاسی ئەوتۆ دەسەلات بگرنە دەست , کە هەمان سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی دەولەوتیان هەیە وەکو ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو , ئەوە کێشەی کورد و پڕۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و کۆمەلگای مەدەنی بەرەو هەلدێر دەڕۆن .

دەبێت بەتایبەتی گروپی کوردی لە حکومەتی عیراقی فیدرالدا, هاوشان لەگەل هێزە دیموکراتخوازەکانی عەرەب, قەناعەتێك پەیدابکەن هەموو لایەنە سیاسییەکانی عیراقی بەئاشکرا, کار بۆ ئەوەبکەن کەهەلبژاردنی گشتی لەعیراقدا دوابخرێت ولە بارودۆخێکی تری گونجاوتر ئەنجام بدرێت, نەوەکو لەژێر ئەو ساتە پڕ مەترسی ئەو کەشوهەوایە گوماندار و لێلەی ناوچەکە, دەبێت ئەجندەیەکی تر پێشنیار بکرێت بۆ ئەو پڕۆسە گرنگەی میللەتانی عیراق.

ئەمڕۆکە پڕۆسەی هەلبژاردن لەئاستی کوردستاندا, پێویستیەکی مێژوویی گەورەیە و پێگەی میللەتەکەمانی پێبەرزترو پتەوتر دەبێت, بەلام سازدانی هەلبژاردنی گشتی عیراقی لە بەرژەوەندی کوردو کوردستاندا نییە لە بارودۆخی ئێستای عیراقدا, کوردیش دەلێ: ئیشی بەوەختی پاشای سەرتەختی!

Pirbal@hotmail.com

## هەلوەستە

ئەمڕۆی ژیانی نەتەوەی کوردو ولاتی کوردستان لەچاو ڕۆژانێك کە هەتا ناوی کوردو ولاتەکەی لەسەر زارانیش بڤە بوو، لەدەمی وەرچەرخانێکی گەورەدایە بەتایبەت لەو بەشەی بەکوردستانی خوارووی لێکێنراو بەعیراق دەناسرێ. کورد یەکەمجارە خاوەنی سیستمی بەڕێوەبردنی خۆی بێت و بویرێ ئالای خۆی لەسەرخاکی خۆی هەلبکات. بێگومان ئەو وەرچەرخانە مایەی هەنگاونانی قۆناغێکی نوێیە، قۆناغێکی نوێی دەورەدراو بەهەڕەشەو گوڕەشەی ناوەکی و دەرەکی، لێرەدا فاکتەری ناوەکی هەوێنی چۆنیەتی مامەلەکردنێکی زیرەکانەیە لەبەرامبەر فاکتەرە دەرەکییەکان. بەجۆرێك ئەمڕۆ دەسەلاتێکی حکومی و دەولەتی لەکوردستاندا هەیە. دەسەلاتێك بەڕاشکاوی دەسەلاتی سیاسی و حزبییەو هەموو سەرە داوی دەرکەوتەکان ئەو سەرەتایە بەرەو ساغبوونەوەو جێگیربوونی هیواو خۆزگەکان دەبەن، بەلام وردکردنەوەو بەدواداچوونی پراکتیکی پەیوەندی ئۆرگانێکی نێوان خەلك و ئەو حکومەتە بەئاشکرا لاوازییەکی ڕاشکاو بەخۆوە دەبینێ، لەلایەك ئاسۆیەکی گەش و ڕوونکراوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگا بڕیاردەرەکان ناخرێتە بەرچاوو بەردەمی

خەڵك و لەبەرامبەریشدا كۆمەڵانی خەڵك رۆژ لەدوای رۆژ خەمساردانەتر بەدوای رووداوەكاندا دەچن، بەشێوەیەك دەنگوڕەنگی جەماوەر روو لەكزی و پاشەكشەیەكی بێ ئاماندایەو بگرە من بەئاشكرا هەست بەو هەڵسوكەوتە پڕ لە هەست نەكردن بەمەسئولیەتە لەلایەن خەڵكەوە لەڕەشماڵی نائومێدیدا دەخوێنمەوە، حەق وایە دەزگاكانی میدیا لەپێشی پێشەوە لەو بارەوە بكەونە خۆیان و رۆڵی جوامێرانە ببینن لەشڵەقاندنی گۆمی مەنگی بێدەنگی كۆمەڵانی خەڵك و كەنارگیری رەشبینانەی ئەو خەڵكە سەبارەت بەڕووداوو بەسەرهاتە هەنووكەیی و چارەنووسسازانەی كوردستانی ئەمڕۆ بڕەوێننەوە.

**حاجی مەمۆ**